# میترۆپۆلێك

## نوقمی گێژاوی قەیرانی مۆدێرنیتە دەبێت

### تۆفانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە درامای "بابیلۆن بەرلین"دا

پێشڕەو محەمەد



# میترۆپۆلێك نوقمی گێژاوی قەیرانی مۆدێرنیتە دەبێت

## تۆفانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە درامای "بابیلۆن بەرلین"دا

پێشڕەو محەمەد

# ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ناوی بابەت:** میترۆپۆلێك نوقمی گێژاوی قەیرانی مۆدێرنیتە دەبێت

**نووسەر:** پێشڕەو محەمەد

**دیزاین:** یەکەی هونەریی ناوەند

**بڵاوکەرەوە:** ماڵپەڕی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال (isk21.org)

**لە بەرهەمەکانی:** ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٨

ناوەڕاستی زنجیرەی یەکەمی وەرزی یەکەمی درامای "بابیلۆن بەرلین" بە گۆرانییەکی هارتمان لیۆپالدی (1888–1959) دەستپێدەکات کە هەر خۆی ئاواز و مۆسیقای بۆ داناوە و شیعرەکەش لەلایەن ئێرڤین ڤێندلین سپان (1898–1941)ـەوە نووسراوە، دوای ئەوەی نازییەکان نەمسا بە ئەڵمانیاوە دەلکێنن، هەردوو گۆرانیبێژ و شاعیر، دەنێرنە کەمپی کاری زۆرەملێوە. گۆرانییەکە بەمجۆرەیە:

*"چاوەکانت موگناتیسن*
*و وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە،*
*ماچەکانت وایەرن*
*ئاسمان و زەویی بەیەکەوە دەبەستنەوە،*
*هەندێک تەکنیک*
*کەمێک خۆشەویستیی، بڕێک بەختەوەریی،*
*کەمێکیش ئازار*
*بزوێنەری ئامێرن و*
*بۆیە دڵ ئەحمەقانە لێدەدات"* [1]

---

[1] لینکی گۆرانیی لە یوتیوب:
https://www.youtube.com/watch?v=NBsMy5ZKXd8

دوو خوشکی لاو لەبەر پەنجەرەی باڵەخـانەیەکی کۆنی گەڕەکی هەژاران لە تەوالێتەکە خەریکی خۆ ڕازانـدنەوە و ئامادەکـارییـن بـۆ سـەر کـار کە لەناکـاو لەوبەرەوە مرۆڤێکـی بەتەمەن، وەک پیشـەی بەیانیـانی، ئەم گـۆرانییە دادەگیرسـێنێت و بـن بـاڵی دەتاشـێت. لەم کـورتە نووسـینەدا، بەڕوانینێکـی هـونەریی و مێژوویی، شیکاریی بۆ ئەم دراما ئەڵمانییە دەکەم کە هەم تازەیە و هەمـیش دەنگـدانەوەیەکی گەورەی لە دونیـادا بەدوای خۆیـدا هێناوە.

قیتارێکی هەڵمیی کەوتۆتەڕێ تا بگاتە شوێنی مەبەست، لەناکاو لە شـــەودا ڕادەگیرێـــت، هـــاوار لەو لاوە بەرز دەبێـــتەوە و مەشـــخەڵی ئـــاگریش تێکەڵـــی هـــاوارەکە دەبێـت، درەختێـک بەسوتاویی و بەگڕی ئاگرەوە دەخرێتە سەر سکەی قیتارەکە، تا بەربەسـتی بـۆ دروسـتبکات و ڕایبگرێـت. کـۆمەڵە پیاوێـک بە چەکەوە (لە فیلمەکەدا وەک ترۆتسکیست پیشـان دەدرێن) لەنـاو هەرێـز و پـوش و پەڵاشـەکەدا دەردەکەون؛ دەڵـێن کەس ئـازار نـادەن و تەنهـا داوای جلـوبەرگە یونیفـۆرمەکە لە کارمەنـدان و شـوفێرانی قیتـارەکە دەکەن. ترێلەیەک بەشێوەی ڤـاگۆنی قیتـار، پـڕە لە شـت کە نازانرێـت چیـیە، بەڵام دەکرێـت بڵێـین شـتێکی ترسـناک و خراپـی تێـدایە، بە ئەسـپەوە لکێنـراوە و پـاڵی پێوەدەنرێـت و لە قیتـارەکە دەبەسـترێتەوە. پاشـان بارمتەکـان

دەکـــوژرێن، پاشـــان بەڕێ دەکەون، و قیتـــارەکە ملـــی بەرلـــین دەگرێـــت. ئەمە دەســـتپێکی ســـەرەتای یەکەم زنجیـــرەی وەرزی یەکەمی دراماکەیە. لەم نووسینەدا هەڵوەستە لەسەر کۆمەڵێک خاڵ دەکرێت و زۆر هەڵەی مێژووییش ڕاستدەکرێنەوە. فیلمەکە بەرهەمـی تەلەڤزیـۆنی ئەی ئـاڕ دی (ARD) و سـکای (Sky)یە، کە 38 ملیـۆن یـۆرۆی تێچـووە. بنەمـای فـیلمەکە، ڕۆمـانێکە بەهەمـان نـاو "بـابیلۆن بەرلـین"، فـۆلکە کوشـەر، نووسـەری ڕۆمانەکەیە، کە لە ساڵی 1962 لە بەرلین لەدایکبووە و فەلسەفە و مێـژووی خوێنـدووە و زیـاتر ڕۆمـانی پۆلیسـیی دەنووسـێت. بنەمـا و کـات و شـوێنی ڕۆمـان و فـیلمەکە، بەرلینـی سـاڵی 1929یە، هەستیارترین ساتی مێژووی جیهان.

## دەروازە

لیبـرالٚ دیموکراسـیی کەوتـۆتە قەیـرانەوە: حـزبە بەمانـایەک جەماوەرییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان و ڕۆژ بەڕۆژ ئەندامان و لایەنگرانیـان لەدەسـتدەدەن، حزبـی ڕاسـتڕەو و ڕاسیسـت: ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا (پارتی نیو نازییەکان و ڕاسیستەکان) گەورە و بەهێز دەبێت و پێکهاتەی پەرلەمانی ئەڵمانیای فیدڕاڵ (بوندسـتاگ) کێشەسـاز و ئـاڵۆزتر دەبێـت. لەم ڕووەوە، سیاسەتناسی ئەڵمـانیی، ئەلبریێشـت فـۆن لـوکە تەنها یەک ڕۆژ دوای هەڵبژاردنـی ئەڵمانیـا لە 24ی سـێپتێمبەری 2017دا[2] هۆشـداریی دا سـەبارەت بە "هەلـومەرجی کۆمـاری ڤایمـار". ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانی سەر بە پارتە ئیستەبلشمێنتەکان و هەروەها سەر بە دامەزراوە پیشەسازییەکان زنجیرەیەکی زۆری وتـار و لێکۆڵینەوەیـان تەرخـانکرد بـۆ پرسـی دوایـین گەشەسەندنەکان و هەڵکشانەکانی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە دەیەی 1920 دەچـن. تەنـانەت خـودی ئەنگـێلا مێرکڵـی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا هۆشداریی دایە هەردوو حزبی نیۆلیبراڵەکان و سەوزەکان کە قەراربوو هاوپەیمانیی لەگەڵ پێکبهێنن، و گوتی:

---

[2] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر هەڵبژاردنی ئەڵمانیا، بڕوانە: پێشڕەو محەمەد، ئایا ئەڵمانیا لەبەردەم دوبارەکردنەوەی مێژودایە؟ ئەڵمانیا بەرەو قەیرانی گەورەی سیاسیی ملدەنێت، ڕۆژنامەی ئاوێنە، 12. 10. 2017
/https://www.awene.com/2017/12/10/70209

کشانەوەی ئێوە لە هاوپەیمانیی جامایکا هەڵەکانی ئەو سەردەمە دووبارە دەکاتەوە. ئەمەش پیشانی دەدات کە کۆماری ڤایمار دەستوپەنجە لەگەڵ قۆناغێکی نوێی بەرچاو تەنها لە سەد ساڵەی دامەزراندنیدا نەرم دەکات. بەڵام قەیرانی 1929 چییە کە هێندە ترسێنەرە؟



## قەیرانی ئابووریی جیهان 1929

قەیرانــی گەورە (یــان ئەوەی لەکــۆنی کوردەواریــدا پێیــدەگوترا گرانیـــی گەورە) لە ئۆکتـــۆبەری 1929 دەســـتیپێکرد و بـــووە قەیرانێکی ئابووریی جیهانیی، ئەمەش وایکرد یەک بەدوای یەکدا پارتە بەمانایەک جەماوەریی و لیبراڵ دیموکراسییەکان بکەون و هەروەها شکستی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بەتایبەت لە ئەڵمانیا (سۆسیال دیموکرات، پارتی کۆمۆنیست، یەکێتییە کرێکارییەکان)، ڕێگای خۆشکرد بۆ هاتنەسەرکاری هیتلەر.

چەند ساڵێک پێش ئەوەی هیتلەر دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، نازییەکــان کە لەو ســەردەمەدا ڕێکخراوەکەیــان نــاوی: "پــارتی کرێکــارانی نەتەوەیــی سۆسیالیســتی ئەڵمــانیی"[3] بــوو، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لاواز و ناکاریگەر بوون. بەڵام لەماوەیەکی کورتی زەمەنیدا گەشەیانکرد و بوون بە پارتێکی جەمـاوەریی. لەکاتێکدا لە ساڵی 1928 ناسیۆنال سۆسیالیستەکان (نازییەکان) تەنهــا 800 هەزار دەنگیــان بەدەســتهێنابوو (2.6%ی کــۆی دەنگــدەرانی ئەڵمانیــا)، لە ســاڵی 1930دا چــوونە پەرلەمــانی ئەڵمانیـــا (ڕایشـــتاگ) وەک دووەم بەهێزتـــرین فراکســـیۆنی پەرلەمــانی بە هەڵکشــانی دەنگەکانیــان بــۆ ڕێــژەی 5.6 ملیــۆن

[3] Nationalsozialistische Deutsche Arbeiterpartei

دەنگدەر. دوای دوو ساڵ توانیان ژمارەی دەنگەکان دوو هێندە بەرز بکەنەوە و ببنە بەهێزترین هێز بەڕێژەی 37.3% واتا 13.7 ملیۆن دەنگدەر. هەڵەی پارتە ئیستەیبلشمێنت و بەمانایەک جەماوەرییەکان، بەتایبەت هەردوو بەهێزترین پارتی کرێکاریی (سۆسیال دیموکراتەکان، کە ئەوکات حکومەتیان بەدەستەوە بوو لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست)، بەڕادەیەک بوو، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە.

ترۆتسکی تەنها چەند مانگێک پێش هەڵبژاردنی 1933، لە وتارێکیدا بەناوی "بۆناپارتیزمی ئەڵمانیی" هەڕەشەی هاتنە سەرکاری نازییەکان ئاشکرا دەکات و هێرشی توند و ئاگادارکەرەوە دەکاتە سەر هەدوو پارتی جەماوەریی سۆسیال دیموکراتەکان و پارتی کۆمۆنیست کە ئەوکات لەژێر هەژموونی ستالیندا بوون، دەڵێت:

"سۆسیال دیموکراسیی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە فاشیزم بەرهەمی کۆمۆنیزمە. ئەم قسەیە دروستە تا ئەو شوێنەی فوکردن بە ئاگری خەباتی چینایەتیی بوونی نەبێت، پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و قەیرانی کۆمەڵگای سەرمایەداریی بوونی نەبێت، و هیچ زەروورەتی بوونی فاشیزم لەئارادا نەبووبێت. تیۆری نۆکەرئاسایانەی وێلز-هیلفیردینگ-ئۆتۆ باویەر هیچ مانایەکی

دیکەی نییە. بەڵێ فاشیزم کاردانەوەی کۆمەڵگای بۆرژوازییە بەرانبەر هەڕەشەی شۆڕشی پرۆلیتاریی. بەڵام ڕێک بەو هۆیەی ئەم هەڕەشەیە زوو ڕوونادات، چینە باڵادەستەکان هەوڵدەدەن بەبێ شەڕی ناوخۆیی بەهۆی دیکتاتۆرییەتی بۆناپارتیستییەوە کارەکانیان بۆ پێشەوە بەرن"[4]. و هەروەها هێرشی توند دەکاتە سەر تیۆرەکەی ستالین-کۆمینترن بۆ سۆسیال دیموکراسیی و ناوبردنی وەک "سۆسیال فاشیزم"، ستالین دەیگوت فاشیزم بەرهەمی سۆسیال دیموکراسییە، سۆسیال دیموکراسیش دەیگوت فاشیزم بەرهەمی کۆمۆنیزمە، لەبەرانبەردا ترۆتسکی ڕەخنەی لەهەردوو هەڵە کوشندەکە گرت و داوای بەرەی یەکگرتووی کرد دژی فاشیزم، چەند مانگێک دوای هاوارەکەی ترۆتسکی، نازییەکان هاتنە سەر حوکم، یەکەم حزب پارتی کۆمۆنیستیان قەدەغە کرد و سکرتێری ئەو حزبە، "ئێرنست تێلمان" بە فەرمانی هیتلەر لە 1933 گیرا و ساڵی 1944 بەفەرمانی هیتلەر، لە ناوچەی گرونەڤالدی بەرلین گولەباران کرا. پاشان پارتی سۆسیال دیموکراسیی و یەک بەدوای یەکدا پارتەکانی دیکە قەدەغەکران.

---

[4] Leon Trotsky, German Bonapartism, Bulletin of the Opposition, No.32, December 1932.
https://www.marxists.org/archive/trotsky/germany/1932/321030.htm

با بگەڕێینەوە سەر پرسە سەرەکییەکە: قەیرانی جیهانیی ئابووریی، کە سەرمایەدارییە لە بنچینەوە هەژاند: قەیرانەکە بە کەوتنی بازاڕی پشک لە واڵ ستریتی نیۆرک لە ئۆکتۆبەری 1929 دەستپێدەکات، بەرهەمهێنانی پیشەسازیی جیهانیی لە 1932دا تا ڕێژەی 39% دادەبەزێت. لە ئەڵمانیا (کە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمانە)، کاریگەرییەکانی وێرانکەر بوون، چونکە ئابوورییەکەی بەشێوەیەکی گەورە و بەرفراوان وابەستەی قەرزی دەرەکیی، بەتایبەت ئەمریکا، بوو. کاتێک سیستەمی پارەیی کەوت، بەهای دانەوەی پارەی ئەڵمانیش کەوت، ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی تەواوەتیی پیشەسازیی. کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە گەورە و بچووکەکان یەک بەدوای یەکدا هەرەسیان هێنا. بەشە دیار و بەرچاوەکانی چینی ناوەڕاست بەربوونەوە ناو هەژارییەکی کوشندە. هەروەها ئەمە هەلومەرجی ژیانی جووتیارانی وێرانتر کرد، لەبەرئەوەی نرخەکان بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەتەواوی دابەزیبوون و بەهایان نەمابوو. کرێی کرێکاران بەڕێژەی یەک لەسەر سێ دابەزیبوو. ژمارەی بێکاران لە 1.3 ملیۆنەوە لە 1929، بەرزبووەوە بۆ شەش ملیۆن بێکار لەسەرەتای 1933دا. تەنها یەک لە سێ کرێکار، کاری هەبوو.

لە مارسی 1930دا، دوایین حکومەتی لەڕووی دیموکراتییەوە هەڵبژێردراو و قانوونیی، هاوپەیمانی گەورەی ژێر دەسەڵاتی هێرمان میولەری ڕاوێژکاری سەر بە سۆسیال دیموکراتەکان، هەڵوەشایەوە. چەند ڕۆژێک دواتر، لە 30ی مارسدا، لەژێر دەسەڵاتی پاوڵ فۆن هیندنبورگدا کابینەی سەرۆکایەتیی پێکهات. ئەمە حکومەتێکی سەپێنراو بوو، کە خاوەن زۆرینەی پەرلەمانیی نەبوو. ڕاوێژکاری نوێ، هاینریش برونینگ، بەیارمەتی هەڵکشانی دۆخی نائاساییەوە، حوکمڕانیی دەکرد کە توانی چالاکیی یاسایی پەرلەمانیی تێبپەڕێنێت. ئەو و جێگرەکەی، فرانتز فۆن پاپن، کە لە حوزەیرانی 1932 بوو بە ڕاوێژکاری ڕایش، زۆربەی بەشە خزمەتگوزارییە دیارەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی هەڵگرت. بیمەی بێکارانیان دابەزاند یان هەر بەتەواوەتی بڕیان ئەوەش تەنها لەماوەی شەش حەفتەی حوکمڕانییەکەیدا. خزمەتگوزاریی گشتیی تەنها بریتیی بوو کرێ و سوپی گەرم لە چێشتخانە گشتییەکانەوە. خانەنشینیی بە بەردەوامیی دەبڕدرا. لەهەمانکاتدا، باجەکانی خستنەڕوو و خواست لەسەر خواردنی هاوردەکراو لەهەڵکشاندا بوو و گرانیی زیاتری دروست دەکرد. برسێتیی وەک تەمێک ئاسمانی شارەکانی داپۆشیبوو.

ئەم ڕووداوانەش هەموویــان لەبەرژەوەنــدیی ســەرمایەگوزاریی ئەڵمانیدا بوون. چەند حەفتەیەک دوای کەوتنی بازاڕی پشک و قەیرانی ئابووریی جیهانیی لە واڵ ستریت، کۆمەڵەی پیشەسازیی ئاسن و پوڵای ئەڵمانیی[5]، داوای کرد کە خزمەتگوزاریی گشتیی و دەوڵەتی خۆشگوزەران لەگەڵ "سنوورەکانی توانای هەنوکەیی ئـابووریی بگونجێنرێت". "چەوسـاندنەوەی بەنـاحەق و دڕنـدە"ی سیستەمی ئاساییشی کۆمەڵایەتیی (بیمە)، کە زیانی گەورە بوو لە ئەخلاقیات و ڕۆحیەتی گشتیی، لەهەڵکشاندابوو. لەگۆشەنیگای خاوەنکـارانەوە، خزمەتگـوزاریی گشـتیی بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەرز بـوو و کاتەکـانی کـارکردن زۆر نزمبـوون، کە لەڕوانـگەی ئەوانەوە، سەرچاوەی قەیرانەکە بوون. حکومەت بەردەوامبوو لە هەڵکشـانی کاتەکـانی کـار و کەمکـردنەوەی کرێـی کـار لەپێنـاوی ڕزگارکردنی ئابووریی، تا بتوانن چەندی بۆیـان دەکرد بەرهەمە ئەڵمانییەکان بەشێوەیەکی هەرزانتر لە بازاڕی جیهانیدا بفرۆشـن و ئابوورییەکەیـــان ببـــووژێننەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتە پیشەسـازییەکان هەمـان ئەم سیاسـەتانەیان دەگـرتە بەر، کەچـی هــیچ بــووژانەوەیەک ڕوویــنەدا. دەرەنجــام: تەنهــا هەژاریــی لەهەڵکشاندا بوو.

---

[5] Reichsverband der Deutschen Industrie

بۆیە ئەم کورتە پێشـەکییەم باسکرد، تـا بینەر/خـوێنەر، بتوانێت ئاسانتر لە سیاقی فیلمەکە و هەلومەرجی ئەو سەردەمی ئەڵمانیا تێبگات.



## درز و دابڕانە کۆمەڵایەتییەکانی بەرلین

"بابیلۆن بەرلین" لە بەهاری 1929دا ڕوودەدات، چەند مانگێک پێش دەستپێکردنی قەیرانی ئابووریی جیهان. لەو کاتەدا دانیشتووانی بەرلین زۆر لەمڕۆ زیاتر بوو، ئەمڕۆ 3 ملیۆن و نیو کەمتر لە بەرلین دەژین، بەڵام لە دەیەی 1920، چوار ملیۆن و نیوی تێپەڕاندبوو و نزیک ببووەوە لە پێنج ملیۆن کەس. بەرلین یەکێک بوو لە گەورەترین میترۆپۆلەکانی جیهان، تەنها نیویۆرک و لەندەن لەڕووی دانیشتووانەوە لەو سەردەمە لە بەرلین گەورەتر بوون.

بەهەمان شێوەی ئەمڕۆش، لەو سەردەمەدا، بەرلین لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شارێکی لەیەک دابڕاو بوو: خاوەن بانکەکان و خاوەن پیشەسازییەکان لە دەوروبەرە سەوزەکاندا یان ناوچە سەوزەکانی دەوروبەر و لە ڤێلا گەورە و بەرفراوانەکانیاندا دەژیان، لەکاتێکدا پرۆلیتاریا و چینی کرێکاری سەنتەری شار، خزێنرابووە نێو ئەپارتمانتە بەرتەسک و چەند نهۆمییەکانی ناوەڕاستی ناوچەکانی چینی کرێکاری شارەکەوە، بەهەمان شێوەی ئەمڕۆ، بەرلین یەکێکە لەو شارانەی دونیا کە جیاوازیی چینایەتیی لەڕووی دانیشتووان و نیشتەجێبوونەوە، بەڕادەیەکی ئێجگار زەقە، بۆ نموونە "ڤێدینگ، کرۆیتزبێرگ، نۆیکۆلن"

ناوچەکـــانی چینـــی کرێکـــار و هەژاری بەرلیـــنن و جیـــاوازیی چینـایەتیی بەڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت، لەکاتێکدا "پرێنتزلاوەبێـــرگ، فریـــدریش شتراســـە، چـــارلی چیـــک پۆینـــت، پـــانکۆ، شارلۆتنبورگ، و هتد" شوێنی چینی ناوەڕاست و دەوڵەمەند و خاوەن بانکەکانی بەرلینە. ژیان لە سەنتەری بەرلین و هەبوونی ماڵێکی ئاسایی لە شوقەیەکی ئاساییدا، بە هەبوونی زیاتر لە دوو ژووورەوە، وەک خەونێکی ئەرخەوانیی دەبینرێت. لەکاتێکدا نرخی ژەمە نانێک بە پەرداخێک شەرابەوە لە چارلی چێک پۆینت، ڕێک 100 بەرابەری نرخی ژەمە نانێکە لە کرۆیتزبێرگ.

لە دەیەی 1920ی بەرلین، بەگشتیی چەندین نەوە بەیەکەوە لە ئەپارتمانێنتی تاریک و بچووکدا دەژیان. لەو سەردەمەدا تەنانەت سیســـەمی خەو کە پێیـــدەگوترا شـــوێنی خەوتـــووان بەکـــرێ وەردەگیرا و شوێنی تایبەتیان هەبوو چونکە خەڵکێکی زۆر ئەو کات خاوەنی ئەساس و ماڵی خۆیان نەبوون، ئەمڕۆ جیاوازییەکە بەتەنها ئەوەیە، دەتوانی ئەساس و سیســەمێکی خەوی هەرزان یان خۆڕاییت دەستبکەوێت، بەڵام قەیرانەکە ئەوەیە، شوێنێکت نییە لێی دابنێیت. لەو هەلومەرجەدا، نەخۆشیی و کارەساتە جەستەییەکان بەخێرایی بڵاو دەبوونەوە، بەهۆی کاریگەرییەکانی جەنگـــی یەکەمـــی جیهانیشـــەوە، شـــوێنەکانی دانیشـــتووان و شـــەقامەکانی شـــار بەگشـــتیی تێکچووبـــوون و هەرچـــی مـــادەی

خۆراکیی پیسە فڕێدەدران و بەکتریا و میکرۆبەکان بەئاسانی دەچوونە گیانی دانیشتووانەوە. ئەوە لەکاتێکدا بەشە دەوڵەمەندەکەی بەرلین، لە ئاساییشی تەواوی خۆراکیی، تەندروستیی، کەش و هەوا و شەقام و ناوچەی سەوز و پاکوخاوێندا دەژیان بە پاسەوانییکردنی ناوچەکانیش بە هێزە ئەمنییەکان.

بەڵام لەسەروبەندی کۆتایی ئەوەی پێیدەگوترێت "سەدەی بیستی زێڕین"، بەرلین هەروەها شوێنێکیش بوو بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. دوای ساڵە خۆڵەمێشییەکانی ئیمپراتۆریەت، ئێستا شارەکە بووەتە شاری تاوان، پەیمانە کۆمەڵایەتییەکانی پروسیای کۆن لەیەک هەڵوەشاونەتەوە. خەڵک ئەزموونی ماددەی هۆشبەر و کحول دەکەن. لە یانە شەوانەییەکاندا پیاوان و ژنان تەنانەت شێوازی زۆر ناباو و نامۆی سێکسیی دەگرنەبەر. ئەمە ئەو کەش و هەوایەیە کە ئەنیتا بەربەری سەماکاری ڕووت دەتوانێت پیشەی خۆی تیادا ئەنجام بدات، کە بێرتۆلت برێشت لە "ئۆپێرای سێ قڕوشی"[6]دا پیشانی دەدات یان وەک ئۆتۆ دیکسی وێنەکێش دەتوانێت "میتۆپۆلیسی سەڵتی" بخولقێنێت، کە مشتومڕسازترین تابلۆیە. وتارێکی دیکەی من

[6] Die Dreigroschenoper (Threepenny Opera)

تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕیشەی تابلۆکەی دیکس و هەلومەرجە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی.

### "مۆکا ئەفتی کافێ: گێژاوی مۆدێرنیتە"

"هەستکردن هاوشێوەی فڕێدرانە ناو ئامێرێکی زەمەنەوە و تەنها پیاسەکردن بەناو شاردا"، ئەمە دوایین قسەی دەرهێنەرەکە بوو لە چاوپێکەوتنێکیدا. لەڕاستیدا دەرهێنەر و خولقێنەرانی فیلمەکە سەرکەوتوون لەوەی توانیویانە بەشێوەیەکی کاریگەر حاڵەتی کۆمەڵایەتیی لە بەرلینی سەدەی بیستدا نیشان بدەن. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، وێنە سەرەکییەکە تەنانەت وادەردەکەوێت بەرەو دواوە بگەڕێتەوە لەپێناوی خزمەتکردن بەیەک ئامانج: دروستکردنی بۆشاییەک بۆ پرۆترێتی میترۆپۆلیسێک لە لێواری قەیرانەکانی مۆدێرنیتەدا. بۆ نموونە، "مۆکا ئەفتی" هەیە، قاوەخانەیەک و ماڵێکی سەماکردن کە لەڕاستیدا تا دەستپێکی قەیرانی ئابووریی بوونی هەبوو و لەسەر سووچی شەقامی لایپتزیگ و فریدریش شتراسە هەڵکەوتبوو. لە فیلمی "بابیلۆن بەرلین"دا دووبارە وەک شێوازی جۆراوجۆر و سۆزانیخانە ناوخۆیی و دەوروبەرەکانییەوە دەردەکەوێتەوە. سەماکارانی لاو لە نهۆمی یەکەمدا دەردەکەون،

لەکاتێکدا سۆزانییەکان سەردانی مشتەرییەکانیان لە ژێرزەمینەکاندا دەکەن و ئەمانەش بەگشتیی لە ژوورەکانی پشتەوەی ژێرزەمینەکانەوە ئەنجام دەدرێن. لەسەر سەکۆی شانۆکەش نیکۆرۆسی ڕووسی (سیڤەریا یانوشاوسکایتا)ی گۆرانیبێژ هەیە کە کەسایەتیی خۆی گۆڕیوە بۆ پیاو و لە فۆرمی پیاودا دەردەکەوێت. گۆرانی "تسو ئاش تسو شتاوب" (بۆ خۆڵەمێش، بۆ خاک) دەچڕێت، کە بەتایبەت بۆ سەما زنجیرەیی و قەرەباڵغەکان دانراوە و وادەردەکەوێت لەکاتی چڕینی ئەم گۆرانییەدا هەرگیز ڕۆژ نەبێتەوە و بەیانییەک بوونی نەبێت.[7] لەخۆوە نییە کە "زوددۆیچە تسایتونگ" "مۆکا ئەفتی" وەک "کێوی بێشەلانی زنجیرە فیلمی بەرلینی تۆم تیکڤەری دەرهێنەر" وەسف دەکات.

شارلۆتە ڕیتەر (لیزا فریس)، بەردەوام دەچێنە ئەم قاوەخانەیەوە. کارەکتەری سەرەکیی بەتەواوی جیابووەوە لە ژنە لاوەکانی چینی کرێکار لەو سەردەمەدا، ئەو ڕۆڵە بەباشی دەگێڕێت. لە دەرەوە، بەتەواوی هاوشێوەی "ژنی نوێ"ی سەردەمی کۆماری ڤایمارە: قژی کورتە و جلوبەرگی تەواو مۆدێرن لەبەر دەکات. زۆر بەکەمی دەخەوێت، پێیباشە شەوان

---

[7] بۆ سەیرکردنی گۆرانییەکە لە فیلمەکەدا، کلیک لەسەر ئەم لینکە بکەن
https://www.youtube.com/watch?v=uekZpkYf7-E

لەدەرەوە بێت و جەژن و خۆشی بگێڕێت و کۆتایی حەفتەکانی لە دەریاچەی ڤانزیی بەسەر بەرێت. بەڵام دواجار هەموو ئەم کارانەی دەیکات هەوڵی نائومێدکەرانەیە بۆ ڕاکردن لەو هەلومەرجە هەژارییە کوشندەیەی لێیەوە هاتووە. ئەو لە شوقە تەنگەبەرەکەی مۆئابیتی ناوچەی پرۆلیتاریای بەرلین لەگەڵ دایکە نەخۆشەکەی، خوشکەکانی و زاوابێکارەکەیدا (هاوسەری خوشکەکەی) دەژیت. شارلۆتە (کە نزیکەکانی بە لۆتە بانگی دەکەن) خەون بەوەوە دەبینێت لەگەڵ پۆلیس کاربکات، واتا ئەو شوێنەی جاروبار بەشێوەی کاتی کاری تیادا دەکات. بەڵام ئەفسەرە پیاوەکان بەجددی نایبینن و بەدەگمەن کاری پێدەدەن. و تەنانەت داهاتەکەشی بەش ناکات. لەبەر ئەوە، بە بەردەوامی وەک سۆزانیی لە "مۆکا ئەفتی" کاردەکات و هەوڵی پەیداکردنی مشتەریی بەردەوام دەدات.

لە فەرمانگەی پۆلیس گیریۆن ڕات (فۆلکەر بروخ)ی پشکنەر دەبینێت. ڕات خەڵکی کۆڵنە و هاتووە بۆ بەرلین تا وێنە خراپەکان بخاتەوە سەریەک و کۆیان بکاتەوە. ڕات لەلایەن کۆنراد ئادیناوەر، سەرۆکی شارەوانیی کۆڵن و یەکەم ڕاوێژکاری ئەڵمانیای پاش جەنگ، دەنێردرێت بۆ کۆڵن. ڕات هەر بەزوویی کەسایەتیی دووڕەهەندیی خۆی پیشان دەدات: بەشێوەیەکی پیشەییانە کارەکەی خۆی بەباشی ئەنجام دەدات.

ئەو پۆلیسە کە بەهەمان شێوە خوازیاری شتی دیکەشە. بەڵام گەلێک کێشە لە ژیانی تایبەتی ئەودا هەن: بۆ زیاتر لە دەیەیەک پەیوەندییەکی نهێنیی بە براژنەکەیەوە هەبووە، کە براکەی لە جەنگی یەکەمی جیهانیی لەدەستدابوو. ڕات خۆیشی بەشداریی لە جەنگدا کردبوو و سەربازی هێڵی پێشەوە بووە و وەک زۆرێک لە هاوسەردەمەکانی، گەڕاوەتەوە و تووشی تراومای زۆر سەخت بووە، تراومای دوای جەنگ. هەمیشە بەدەست گەڕانەوەی بەردەوامی مۆتەکەی تراوماکە و هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی دەناڵێنێت. لەڕاستیدا سەدان هەزار سەرباز بەدەست فشارە نارەحەتکەرە پاش تراوماییەکانی دوای کۆتایی جەنگ دەناڵێنن. ئەوان پێیاندەگوترا: "تووشبووان بە لەرز و تای جەنگ. پاشان نازییەکان لەنێوان 4 بۆ 5 هەزار بەگشتیی لەم کۆنە سەربازە تووشبووانەیان بە تراوما کوشت و تیرۆریان کرد، ئەوانەی لە جەنگی یەکەمی جیهان گەڕابوونەوە. تراژیدیا-کۆمیدیای ڕۆژگاریش ئەوەیە، کە هیتلەر خۆیشی یەکێک بوو لە ڕزگاربووانی جەنگ و کۆنەسەربازی هێڵی پێشەوە و خاوەن هەمان ئەو تراومایانە بووە.

## ڕایشڤێیەی ڕەش

دەرهێنەرانــی فــیلمەکە، هێنــدەش دەقیــق نەبــوون، یــان لەزۆر ڕووەوە کەوتــوونەتە هەڵەی مێــژووییەوە. یەکێکــی دیــکە لەو تێمــانەی فــیلمەکە پیشــانی دەدات و مــامەڵەی لەگەڵ دەکــات، ناڕاستەوخۆ و بەبێ ناوهێنان، مەسەلەی "پەیمانی ڤێرسای"یە کە بەپێی ئەو پەیمانە دوای جەنگی یەکەمی جیهان سوپای ئەڵمانیا سنووردارکرا بۆ تەنها هەبوونی 100 هەزار سەرباز. سەرەڕای ئەمە، ***فرایکــــۆرپس***(یەکە سەروســــوپاییە ڕاســــتڕەوەکان) و کەســایەتییە میلیتارییەکــان بەشــێوەیەکی نهێنیــی لەســەردەمی قەدەغەکردنــی هەڵکشــانی ســوپای ڕۆژگــاری کۆمــاری ڤایمــار، کاریان دەکرد. بەشێکی گەورەی پاشماوەی چەکەکان، ئامێر و پێکهــاتە حەنگییەکــان کە دووبــارە بەدەســتهێنرابوونەوە، لە شــوێنێکدا شــاردرابوونەوە و دووبــارە لە مــانۆری میلیتــاریی نهێنیــدا بەکــاردەهێنرانەوە و ئەم پرۆســەیەش لەلایەن خــاوەن زەوییە گەورەکان و بەشێکی زۆر لە بزنسمان و بانکدارەکانەوە پشتیوانیی لێدەکرا.

ڕابەرایەتیی ڕایشڤێیە (Reichswehr) [سوپای بەرگریکردن لە ڕایــــش] مەبەســــتی دووبــــارە بەســــەربازگەکردنەوە و چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیا بوو بەهەموو تێچوونێکییەوە. ***بابیلۆن***

***بەرلین*** پیشانی دەدات کە چۆن سیاسەتمەدارە ڕاستڕەوەکان دەست و گروپ پێکدەهێنن، و چۆن ئەفسەرە ئاساییەکانی سوپا، و سەربازە خۆبەخشەکانی پێشوو و بزنسمانە گەورەکان کەرەستەیەکی جەنگیی گەورەیان پاراستووە و هەڵیانگرتووە کە بریتین لە چەک و تەقەمەنیی بەباشی ڕێکخراو و گازی ژەهراوی.

هێزێکی ئاسمانیی نوێ و نایاسایی ئەڵمانیی لە لیپیتسکی نزیک مۆسکۆ بونیادنراوە. هەموو ئەمانە کەم و زۆر لەژێر چاوی ڕابەرایەتیی سیاسیی لە بەرلین ڕوودەدات. پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، کە لەڕێگای دروشمی "خواردن بۆ منداڵان نەک بۆ جەنگەکان" هەڵبژاردنەکانی بردبووەوە، کەچی لە 1928 لەژێر دەسەڵاتداریێتیی هێرمان مولەری ڕاوێژکاری سەر بە سۆسیال دیموکرات، دەنگیان بۆ پشتیوانی زیاتری دارایی بۆ جەنگ دابوو. لە دەنگدانی دووەمدا، تەنها بەماوەیەکی زۆر کەم، سۆسیال دیموکرات بەباشی زانیبوو کۆتایی بەم پڕۆژەیە بهێنێت، بەڵام نەیتوانی دەنگی زۆرینە بەرێتەوە. لە فیلمەکەدا، ئەو هێزە ئاسمانییە نایاساییە لەڕێگای ڕۆژنامەنووسێکەوە بەناوی سامویێل کاتلباخ(کارڵ مارکۆڤیکس)ەوە کەشف دەکرێت. ئەم بانگەوازەش لەلایەن کارڵ فۆن ئۆزیتزکیی( Carl von Ossietzky)، ڕۆژنامەنووسی ئاشتیخوازەوە ڕۆڵێکی باش

دەبینێت، کاتێک وتارەکەی لە 4ی مارسی 1929 لە گۆڤاری "دی ڤێلت بونە" بەناونیشانی "***ڤیندیگس ئاوس دێ دۆیچن لوفت فارت***" (واتا کاروباری هەوایی لە هێزی هەوایی ئەڵمانییدا) بڵاو دەکاتەوە. ئۆزیتزکی دواتر لە لێپرسینەوەی سوپای ئەڵمانیدا دەگیرێت و لە 1931 تا 18 مانگ زیندانیی دەکرێت و تۆمەتی سیخوڕیی بەسەر سوپای بەسەردا ساغ دەکرێتەوە. دوای ئەوەی نازییەکمان دەسەڵاتیان گرتە دەست، دووبارە ئۆزیتزکی دەستگیر دەکەنەوە و دەینێرن بۆ کەمپی کاری زۆرەملێ. لە ساڵی 1938 بەهۆی نەخۆشییەکەی و مامەڵە خراپەکەی کە لەگەڵی دەکرێت، کۆچی دوایی دەکات.

ئەم ڕووداوانە و ئەم چالاکییە پیلانگێڕییانە هەموویان بە ئامانجی دووبارە چەکدارکردنەوەی ڕایشڤێیە ئەنجام دران، کە دواجار بەشدارییەکی زۆر کاریگەر و گرنگی کرد لە سەرکەوتنی نازییەکاندا، و ئەمەش لە فیلمەکەدا پیشان دراوە. بەڵام ئەوەی بەناڕوونی ماوەتەوە کە بۆچی بزووتنەوەی کرێکاریی ئەڵمانیی نەیتوانی شکست بە هێزە کۆنەپارێزەکان بهێنێت و ئەڵتەرناتیڤێکی پێشکەوتووخواز لەبەرانبەر فاشیزمی هیتلەریی پێشکەش بکات. لەسەرجەمی فیلمەکەدا، هەم کەشێکی ڕەشبینانە، هەم لە زۆر ڕووەوە کۆمیدیی بەرانبەر ڕووداوەکان و هەم

کۆمەڵێک هەڵەی مێژوویی زاڵە، کە پێویستە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت.



## سەدەی بیستی زێڕین و هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی

لە "بابیلۆن بەرلین"دا دەرهێنەرانی زۆر دەقیق نین، چونکە نەیانتوانیوە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە پیشان بدەن کە بووە هۆی کۆتاییهاتنی ئەوەی پێیدەڵێن "سەدەی بیستی زێڕین" (Golden Twenties). هەلومەرجی سیاسیی بەباشی مامەڵەی لەگەڵ کراوە. بۆ نموونە گیریۆن ڕات لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا بەخێرایی دەردەکەوێت، کاتێک "ڕایشڤێیەی ڕەش" پلانی کودەتای دارشتووە بۆ گەڕاندنەوەی قەیسەر بۆسەر حوکم. گرووپێکی سەرومیلیتاریی نایاسایی هەیە کە لەڕاستیدا دەیەوێت لە دەیەی 1920دا کۆتایی بە کۆماری ڤایمار بهێنێت. ***فرایکۆرپوس*** (هێزە ئازادەکان) کە هەم ڕاستڕەو بوون و هەم ڕۆڵێکی دڕندانەیان لە دامرکاندنەوەی شەپۆلی شۆڕشگێڕیی 1918-1919دا گێڕا، بەرپرسی ئەم کودەتایەن. هەروەها بەشێوەیەکی نهێنیی جەنەڕاڵەکانی دژی کۆماری ڤایمار، لەناو سوپادا، پشتیوانیی لە "ڕایشڤێیەی ڕەش" دەکەن. هیوایان بەوەیە بتوانن لەم ڕێگایەوە کۆتایی بە پەیمانی ڤێرسای بهێنن، کە سوپای ئەڵمانیی سنووردارکردبوو بۆ تەنها 100 هەزار سەرباز.

"ئایاری خوێناویی بەرلین"ی 1929 بەشێوەیەک لەشێوەکان لە فـیلمەکەدا پیشـان دراوە. لە یەکـی ئایـاری 1929دا، پـارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا، خۆپیشاندانێکی گەورەی ئەنجامدا، کە بووە هۆی پێکدادانێکی قورس و سەخت لەگەڵ پۆلیسدا. زیاتر لە 30 کەس کوژران، زیاتر لە دوو سەد بریندار. فەرمانێک لەسەرۆکی فەرمـانگەی پـۆلیس "کـارڵ تسـۆیرگیبل"ی سـەر بە سۆسـیال دیموکراتەکـانەوە هـات کە بـۆچی ڕووداوەکـان بەشـدارییان لە قـوڵکردنەوەی تـووڕیی هاوبەشـی ئەنـدامانی سۆسـیال دیموکراتەکان و پارتی کۆمۆنیست کردووە. پاشان ئەم فەرمانە ڕسوایی لێکەوتەوە چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمیی لەسەر کوشتارەکان ئەنجام نەدرا و هـیچ ئەفسـەرێکی پۆلیسیش وەک بەرپرس لەقەڵەم نەدرا. لە فیلمی "بـابیلۆن بەرلـین"دا ڕووداوەکە کەمێک جیاوازە. فەرمانگەی بەدواداچوونی گشتیی، لێکۆڵینەوە دەکات، بەڵام ناوەرۆکی چیرۆکەکە دەمێنێتەوە: ڕۆحیەتی پۆلیس لەنێو پۆلیسەکاندا بەڕادەیەک گەورەیە کە حەقیقەتی ڕووداوەکە دەشارنەوە و کەسیش وەک بەرپرسی مەرگی خەڵکی مەدەنیی و خۆپیشاندەران دەستنیشان ناکرێت و دیزەبەدەرخۆنە دەکرێت.

ئەم دیـمەنە لە فـیلمەکەدا کـۆی تارمـایی و پانتـایی سیاسـیی کۆمـاری ڤایمـار پیشـان دەدات. پاشـایەتیخوازەکان و کۆمۆنیسـتەکان، لیبراڵەکـان و کۆنزەرڤاتیڤەکـان، سۆسـیال

دیموکراتەکـان و نازییەکـان هەن. هەموویـان بەباشـیی نمـایش کـراون و تـویژگەلی جۆراوجـۆر دەردەخەن لە خەسـڵەت و کـارەکتەردا. ئەمەش بەتەواوی نـاواقیعیی نیـیە، بەڵام مخـابن ڕاستییەکە ئەوەیە کە تەنها دروشمی دژەجولەکەیی لەم فیلمەدا، لەسـەر زاری نازییەکانەوە پیشـان نادرێت، بەڵکو لەسـەر زاری کۆمۆنیستەکانەوە. بۆ نموونە "فریتـز" کە وەک ئەنـدامی پـارتی کۆمۆنیست دەردەکەوێت و دەبێتە عاشقی "کریتا"ی خزمەتکاری مـاڵی "ئۆگۆسـت بینـدا"ی ئەنجوومەنی ویلایەتـی بەرلـین، لەناکاو لەکاتی ژوانێکدا لەگەڵ کریتـا، لەلایەن چەند کەسێکەوە برینـدار دەکرێـت و وەک کـوژراو دەردەکەوێـت، و هـاوڕێیەکی بەڵگەنامەیەک دەداتە دەستی کریتا کە لەلایەن پیاوەکانی بینداوە کـوژراوە، و پـلان دادەنـێن تـۆڵە لە بینـدا بـکەنەوە و بـۆمبی لەمـاڵەوە بـۆ دادەنـێن، کاتێـک کریتـا کـارەکە ئەنجـام دەدات و دەچێتە وێستگەی قیتار تا بۆ شـوێنی دیـاریکراو بڕوات، لەناکـاو کۆبـوونەوەی تیشـێرت قاوەییەکـان (یونیفـۆرمی نازییەکـان) دەبینێت کە دروشـمی دەرکردنـی جولەکەکان دەڵێنەوە و فریتـز لەنـاو نازییەکـان و بە یونیفـۆری نـازیی و خـاچی شـکاوەوە دەبینێـت و بـۆی دەردەکەوێـت کە خڵەتێنـراوە. ئەم دیـمەنە لە فیلمەکەدا زۆر کۆمیدیانەیە، چونکە یەکەم فریتـز بەپێی فیلمەکە بێت ئەندامێکی کۆنی پـارتی کۆمۆنیستە، پێش 1929 نازییەکـان

هێنده ڕێکخراو نەبوون تا بتوانن بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ ئەندام بخەنە ناو پارتی کۆمۆنیستەوە و هەر کارێکیان بویێت پێی ئەنجام بدەن، و پارتی کۆمۆنیستیش لەوە ڕێکخراوتر و مونەزەمتر بوو بەبێ ئاگایی و زانیاریی ئەو، ئەندامەکانی چیان بوێت بیکەن. تێنەگەیشتن لە واقیعی مێژوو، یەکێکە لەلاوازییەکانی فیلمەکمە.

سەرەڕای ئەمە، بابیلۆن بەرلین و دەرهێنەرانی، بە موتڵەقی کەوتوونەتە هەڵەوە دەربارەی ئاراستەیەکی دیکەی سیاسیی، واتا دەربارەی ترۆتسکیستەکان، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستپێکی یەکەم ئەڵقەی زنجیرەی یەکەمدا دەگێڕن، لەم دیمەنەدا، هێندە ساختەکارانەیە، ئەوانەی وشیاریان بەرانبەر بە مێژوو هەیە، یەکسەر دەکەونە گومانەوە و زوو لە فیلمەکە بێزار دەبن، بەڵام ئەگەر بتەوێت بەردەوام بیت، دەبێت زەخت لەخۆت بکەیت و بڕۆیت لەگەڵی، چونکە وەک گوتم سەرەڕای خاڵە لاوازەکانی، بەڵام یەکێکە لە فیملە زۆر باشەکان و ڕووداوەکان باش پیشان دەدات. بەهەرحاڵ، لەڕاستیدا لایەنگرانی ئەڵمانیی لیۆن ترۆتسکی، چالاکوانی سیاسیی بوون، داوای بەرزکردنەوەی چاکسازییان لەناو پارتی کۆمۆنیست دەکرد کە ئەودەم سەر بە مۆسکۆ بوو. ئەوان لەو سەردەمەدا بڵاوکراوەکانیان پەخش دەکردەوە، لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا دەردەکەوتن، و

ڕۆژنـامەی خۆیـان دەردەکرد. بەڵام لە سـەرەتای فـیلمەکەدا ئەو گــروپە وەک چەتە دەردەکەون بەهەمـــان شـێوەی فیلمەکـــانی ئەمریکـا لەدەیەی 1920دا. ئەو گـروپە ڤـاگۆنێکی گەورەی زێـڕ دەڕفێنن و خاوەن چەک و جبەخانەی خۆیـانن. هەرچۆنێک بێت، لە 1929دا، لە ســەردەمی یەکەم وەرزی فـیلمەکەدا، لە ئەڵمانیـا هـیچ گروپێکـی ترۆتسکیسـت بـوونی نەبـووە. خـودی ترۆتسـکی تازە دوورخـراوەتەوە بۆ تورکیا. تەنانەت گروپی ترۆتسکیسـت بەو شـێوە فەرمیـیەی لە فـیلمەکەدا وێنـا کـراوە، سـاڵانێک دواتـر دروســت دەبێــت. هەمــوو ئەوانەی پیشــان دراون، لەواقــیعەوە دوورن. تەنــــانەت هەڵەیەکــــی گەورەی مێژوویــــی کاتێـــک "کــارداکۆڤ"، هەواڵــی ســـەرکەوتنی قیتــارەکە بەرەو بەرلــین بەگــروپەکە دەگەیەنێــت، هــاواردەکەن "بــژی ئەنتەرناســیۆنالی چــــوار"، واقیعێکــــی زۆر ســــادەی مێژوویــــی ئەوەیە، کە ئەنتەرناسـیۆنالی چـوار لە سـێپتێمبەری 1938 دامەزراوە نەک 1929 واتــا نــزیکەی دە ســاڵ دوای ئەو ڕووداوانەی فــیلمەکە بەهەڵە پیشانی دەدات.

بەڵام ئەوەی زۆر کۆمیــــــدییە لەم ڕووداوەدا، ئەوەیە، کە ئەوە چۆن بوو ترۆتسکیستەکان (ئەویش لە ئەڵمانیا)، ڤاگۆنێکی وەهـا گەورەی "زێــڕی مۆســکۆ" دەڕفێــنن ئەویــش نەک لە ئەڵمانیــا جێگیری بکەن، بەڵکو بیبەن بۆ تورکیـا؟ بۆچی تورکیـا کە جگە

لەوەی بەتاوەیی ترۆتسکی بۆ دوورخراوەتەوە و لەخودی خۆی و هاوسەرەکەی بترازێ، کەسی دیکەی لەگەڵ نییە و لەبن دەستی چاودێریی سیخوڕیی مۆسکۆ و پۆلیسی هاوبەشی مۆسکۆ و تورکیادا، ئەویش لە دوورگەیەکی تاکەکەسیدا دەژیت؟ ئایا کۆمیدیی دەرناکەوێت؟ ئایا ترۆتسکی دەیەوێت ئەو زێڕە لەبانکی تورکیا دابنێت؟ ئایا ئەگەر ترۆتسکیستەکان لەو سەردەمە توانیبێتیان دەستیان بەوەها سەرچاوەیەکی مەزن بگات، ئایا بۆ دەرهێنەرانی فیلمەکە واتادارتر نەدەبوو کە ئەو سامانە گەورەیە لەخودی ئەوروپادا و بەتایبەت لەئەڵمانیادا پیشان بدرێت، کە ترۆتسکیستەکان! بۆ چالاکییە سیاسییەکانی خۆیان بەکاری بهێنن؟ جگە لەوە، ئەو پیشاندان و ئەو دیمەنە لە هیچ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی هیچ دەوڵەت و پارت و ئاراستە و یار و نەیاری ترۆتسکی و ترۆتسکیستەکاندا باس نەکراوە، دەرهێنەرانی بابیلۆن بەرلین ئەم بەڵگەنامەیەیان لەکوێ هێنا و چۆن دۆزیویانەتەوە کە تا ئێستا مرۆڤایەتیی نایزانێت؟ بەڵام وەک باسمکرد، بۆ ساتێکی کەم واز لەوشیاریی مێژووییتان بهێنن، تەنها بۆ چەند چرکەیەک، ئەگەر بتانەوێت کۆی زنجیرەکە ببینن.

دواجار، نەک وەک پاساو، بەڵکو وەک ڕاستییەک، بابیلۆن بەرلین، نابێت وەک فیلمێکی دۆکۆمێنتاری سەیر بکرێت، بەڵکو

فیلمێکی فیکشناڵ و تاوانناسییە، کە ئەمڕۆ فیلمی فیکشناڵ و ژانری تاوانناسی (کریمیناڵ) گەورەترین خواستی لەسەرە. سەرەڕای ئەمانەش، زۆر ڕووداوی گرنگی کۆمەڵایەتیی و سیاسییمان لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی کۆماری ڤایمار پیشان دەدات. بۆ ئەوانەش دەیانەوێت زنجیرەکە ببینن، دەتوانن بە ئاسانی لە ئینتەرنێت دەستیان بکەوێت، بەزمانی ئەڵمانییە، بەڵام هەر لە ئینتەرنێت و بەشێوەی خۆڕاییش ژێرنووسە ئینگلیزییەکەی هەیە.



# سەرچاوەکان


1. David Crew, *Nazism and Germany, 1933-1945*, Routledge, London and New York, 2002.
2. Eric D. Weitz, *Weimar Germany (promise and tragedy),* Princeton University Press, 2007.
3. Franklin C. West, *A crisis of Weimar Republic*, The American Philosophical Society, 1985.
4. Uwe Klussmann, Joachim Mohr, *Die Weimarer Republik*, Verlag DVA, 2015.
5. Bjoern Weigel, *Die Weimarer Republik: Politik, Kultur und Gesellschaft 1918-1933*, Elsengold Palm Verlag, 2017.
6. Horst Haenisch , *Faschismus und der Holocaust: Versuch einer Erklärung*, Edition Aurora, Berlin, 2017.